عەسائیبی ئەهلی حەق مەرجی هاگرتنی ئەپراسیۆنی چەکداری دژ بە ئیسرائیل هادگەیەنێت

گرووپی چەکداری عەسائیبی ئەهلی حەق مەرجی هاگرتنی ئەپراسیۆنەکانی گرووپە چەکدارە عەراقییەکان دژ بە ئیسرائیل هادگەیەنێت.

ئەحمەد عەدنان، ئەندامی کۆمیتەی گشتی بزووتنەوەی چەکداری عەسائیب ئەهلی حەق ئاشکرای کرد کە لایەنە عەراقییەکان ڕەکەوتوون لەسەر هاگرتنی ئەپراسیۆنە سەربازییەکان دژ بە قەوارەی زایۆنی (ئیسرائیل) و بە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئاماژەی بەوەدا کە بەردەوامی وەستانەکە لەسەر بنەمای چەند مەرجێک دەبێت.

ئەحمەد عەدنان لە لەدوانەکی تایبەت بە ئاژانسی "موتەبع" گوتوویەتی: "هەماهەنگی لایەنە چەکدارەکانی عەراق ڕەکەوتوون لەسەر هاگرتنی ئەپراسیۆنەکانی پشتیوانی لە بەرەکانی بەرخەدان لە غەززە و لوبنان و هەروەها ئەپراسیۆنی سەربازی دژ بە قەوارەی زایۆنی (ئیسرائیل) و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە دوای ئاگربەست لە کەرتی غەززە و لوبنان".

ئەحمەد عەدنان وتیشی: ئەم هاگرتنەش مەرجی بە دانرابوو، دیارترینیان کشانەوەی تەواوی قەوارەی زایۆنی لە خاکی لوبنان و ئازادکردنەوەی هەموو زیندانیانی فەلەستینی.